ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان


# پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەمینە ئێزدییەکان و داهاتویان لە شەنگال

نوسینی

ماسیۆ باربەر

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە

بەهمەن ئەحمەد



ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com

نیسانی ٢٠١٧

# پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەمینەی ئێزدییەکان و داهاتویان لە شەنگال

نوسینی
ماسیو باربەر

وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە
بەهمەن ئەحمەد

ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
نیسانی 2017

پێڕست

پەیوەندییەکی تێکشکاو ........ ٣
ئاشکراکردنی راستییە شاراوەکان لەبارەی شەنگالەوە ........ ٦
رێگریکردن لە گەڕانەوەی ئێزدییەکان و ئاوەدانکردنەوەی شەنگال: سەپاندنی ئابڵوقەی ئابوری ........ ١٠
توندوتیژی سیاسی دژبە ئێزدییەکان ........ ١٥
مەترسی گۆڕینی دیموگرافییای ناوچەکە ........ ١٩
ئەو داهاتووەی ئێزدییەکان پێویستیانە ........ ٢٠
پەیامێکی نوێ لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێزدییەکان ........ ٢٤
سەرچاوە ........ ٢٧

پاش داخستنی رێکخراوی یازدا کە رێکخراوێکی مرۆیی و داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤە لەلایەن ئاسایشی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، کە گەورەترین پارتی سیاسی هەرێمی کوردستانە، لە ٢٠١٧/١/٢ لە شاری دهۆك، خەڵکی پرسیاری زۆریان لەبارەی هۆکارەکانی ئەم رووداوە دەکرد. خۆشبەختانە ئێستا حکومەت پاشەکشەی لە هەڵوێستەکەی خۆی کردووەو رێکخراوەکەی کردۆتەوە. لەبەرئەوە، ئەم بابەتە ئاماژە بەچەندین تەوەری گرنگی سیاسی دەکات کە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر پێگەی ئێزدییەکان وەك کەمە نەتەوایەتییەك لە کوردستاندا هەیە. لێرەدا ئاماژە بەم بابەتە گرنگانە دەکەم. پاش بەجێهێشتنی ئەو وڵاتە لە مانگی ئاب و کارکردن بۆ ماوەی یەك ساڵ وەك بەڕێوەبەری بەشی چالاکییە کردارییەکانی رێکخراوی یەزدا لە هەرێمی کوردستان، ئێستا بەناوی ئەو رێکخراوەوە قسەناکەم، تەنها رای خۆم لەبارەی بارودۆخی ئێزدییەکان دەردەبڕم و تاوتوێی هەستی ئێزدییەکان دەکەم، لەم رێگەیەشەوە تیشك دەخەمە سەر هۆکاری چەوساندنەوەی ئێزدییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیەوە.

## پەیوەندییەکی تێکشکاو

تێگەشتن لە گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان حکومەتەکەی پارتی و ئێزدییەکان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ئەو پرسیارەوە هەیە کە بۆچی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکی خراپی لەگەڵ زۆربەی ئێزدییەکان هەیە. لەڕاستیدا، ئەو ئێزدییانەی کە نزیکن لەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە پشتگیریی و رێزی زۆربەی کۆمەڵگای ئێزدییەکان لەدەستدەدەن. ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەجێندای پارتی دیموکراتی کوردستان بەریەککەوتنی لەگەڵ خۆشگوزەرانی ئێزدییەکان هەیە و لەگەڵی هاوتەریب نیە، لەگەڵ ئەوەشدا بابەتگەلێکی دیکەی هەستیارن و مەترسیان بۆ داهاتووی ئێزدییەکان هەیە کە لەمساڵدا سەریانهەڵداوە.

ئایا مەبەستم چییە لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێزدییەکان؟ پاش رووخانی رژێمی سەدام، کوردستان بەجدی کار بۆ

فراوانکردنی ئەو سنورە دەکات کە خۆی هیواخوازە لەئایندەدا سەربەخۆیی تێدا رابگەیەنێت و ببێتە کوردستانی سەربەخۆ. ئەم هەوڵ و هاندانانە گرنگن، بەتایبەتیش کاتێك کە گرنگی بەچەندین شێوازی قوربانیدانی میللەتەکەیان دەدەن لەسەر دەستی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا، بەڵام زۆربەی کوردەکان ئەو کارەیان پێ باش نیە، سەرەڕای بوونی مێژوویەك لەقوربانیدان چونکە پێیانوایە ئەم دەسەڵاتە نوێیەی بۆیان دروستبووە لەناوچەکەدا مەترسی بەقوربانیکردنی ئەوانی دیکە دروست دەکات. بەتایبەتیش بۆ ئەو کەمینانەی کە لەناوچە جێناکۆکەکاندا نیشتەجێن.

قەزای شێخان لەناوچەی نەینەوا شوێن نشینگەی زۆربەی ئێزدییەکان بوو، بەڵام پاش رووخانی سەدام کراوەتە ئامانجی بەرنامەی گۆڕینی دیموگرافیای ئەو قەزایە و لەو چوارچێوەیەشدا کوردێکی زۆری سوننە مەزهەب لەوێ نیشتەجێکراون، بەو مەبەستەی کە ئەم بەرنامەیە ببێتە پشتیوانی گێڕانەوەی ئەم قەزایە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

ئەم بەرنامەیەش هاوشێوەی ئەو سیاسەتی بە عەرەبکردنەیە کە بەهۆیەوە سەدام کوردەکانی کردبووە ئامانج، ئێزدییەکان بەم سیاسەتەی هەرێمی کوردستان دەڵێن " کوردان‌دن " یان " بەکورد کردن".

شێخان کە ناوچەیەکی دێرینە و لانکەی ئێزدییەکانە، ئێستا بوەتە ناوچەیەکی زۆرینە مسوڵمان، ئەم گۆڕانکارییەش بەتەواوەتی پاش رووخانی سەدام روویداوە. میری ئێزدییەکانیش دەربارەی بەرنامەی بەکوردکردني ناوچەی سەرەکی ئێزدییەکان قسەی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەمەریکا کردووە.

پاش ساڵی ٢٠٠٣، پارتی دیموکراتی کوردستان لەناوچەی شەنگال بەخێرایی بووە هێزێکی دەسەڵاتدار. بەشێك لە ئێزدییەکان کراوەبوون و هەوڵی ئەوەیاندەدا لەداهاتودا شەنگال ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، بەو هیوایەی کە ژیان لە ژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا باشترە بۆ کەمینەکان و بەبەراورد بە دەسەڵاتداری رژێمی بەعس، مافێکی زیاتریان پێدەدرێت،.

بەڵام هەر لە سەرەتاوە، هێزی ئاسایشی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی سیستماتیکی دەستیکرد بە ترساندن و دەستگیرکردنی ئەو ئێزدییانەی کە پەیوەدییان بە هێزە سیاسییەکانی دیکەوە دەکرد، بەتایبەتیش ئەوانەی کە پشتگیریی مانەوەی ئیدارەی شەنگالیان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی عێراقدا دەکرد.

هەرچەندە تەواوی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی شەنگال دەکرا تێچووەکەیان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دابین دەکرا، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیکرد بە راوەدونانی بەرپرسە حکومییەکانی سەربە پارێزگای نەینەواو لەشارەکە دووریخستنەوە، بەمجۆرەش کۆنترۆڵی زیاتری شەنگالیکرد و قایمقامەکانیشی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بەوەی ئێستاشەوە. ئەو قایمقامانەش لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە هەڵنەدەبژێردران، بەڵکو هەموویان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستنیشان دەکران و بەدڵنیاییەوە ئەوانیش ئینتیمای سیاسییان بۆ پارتی هەبوو، کاریان بۆ ئەو حزبە دەکرد. بەمجۆرە شەنگال بەتەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندا مایەوەو بەوهۆیەشەوە بووە پەراوێزخراوترین شاری عێراق کە کەمترین پێشکەوتنی بەخۆوە بینی .

بەهۆی ئەم شێوازی حکومڕانییەوە، تا ساڵی ٢٠١٤، زۆربەی ئێزدییەکان پاشەکشەیان لەپارتی کرد، پاشەکشەکردنی پێشمەرگەو هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەرەبەیانی جینۆسایدە شومەکەی شەنگالدا دواین وێنەی ناشیرین و بێزارکەری ئەو هێزەی نیشانیداو بۆ هەمیشەش متمانەی ئێزدییەکانی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کاڵکردەوە .

تەنانەت، پاش جینۆسایدیش، بەهۆی سیاسەتی نەگونجاوی پارتییەوە، حاڵی ئێزدییەکان بەرەو خراپتر رۆشتووە، ئەمەش تەوەری سەرەکی ئەم بابەتە رۆژنامەنوسییەیە .

ئێستا لە شەنگال، دۆخێکی سیاسی خراپ هەیە، ئەمەش پەیوەندییە لاواز و خراپەکەی ئێزدییەکانی شەنگال و پارتی دیموکراتی کوردستانی خراپترکردووە .

بۆ تێگەشتن لە دواین گۆڕانکارییەکانی ئەم ململانێیەی نێوان ئێزدییەکان و پارتی، پێویستە چەند لایەنێکی گرنگی هۆکارەکانی ئاشکرابوونی جینۆسایدەکەی شەنگال بخەینەڕوو لەگەڵ چەندین پروپاگەندەو قسەی ناڕاستی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم کە لەبارەی رۆژی جینۆسایدی گەنجانەوە بڵاوی دەکەنەوە.

## ئاشکراکردنی راستییە شاراوەکان لەبارەی شەنگالەوە

هەرچەندە هەموو کەس زانیاری لەسەر پاشەکشەکەی ٣ی ئابی ٢٠١٤ ی پێشمەرگە لەشەنگال، ئەو رۆژەی کە جینۆسایدی ئێزدییەکان دەستی پێکرد، زۆربەی هاوڵاتیانی کوردستان و عێراق رازیکرابوون بەسێ بیانوی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پاشەکشەیان لەشەنگال، ئەوانیش:

**یەکەم**: داگیرکردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە لەئەنجامی هێرشێکی کوتوپڕ بووە.

**دووەم**: پێشمەرگە چەکی پێویستی پێنەبووە بۆ بەرگریکرد لە ئێزدییەکان.

**سێیەم**: ئەوە وتراوە کە پێشمەرگە بەرگری کردووە، بەڵام داعش زۆر بەهێزتر بووە و هێڵێ بەرگری پێشمەرگەی تێکشکاندووە.

خاڵی یەکەم راست نیە، لەبەرئەوەی هەموو کەس دەزانێت کە موسڵ پێشترو لەمانگی حوزەیران داگیرکرابوو، کە دەکاتە دوو مانگ پێش هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال. لەو ماوەیەی نێوان داگیرکردنی موسڵ و جینۆسایدی شەنگال، داعش کۆنترۆڵی خۆی لەناوچە عەرەبییەکەی بەشی باشور و رۆژهەڵاتی شەنگال بەهێزکرد، لەو ماوەیەدا تەلەعفەر داگیرکراو هێزەکانی داعشیش لە نزیکی شەنگال بەهێزتر دەبوون. لەراستیدا پێش ٣ی ئابی هەمان ساڵ، چەند هێرشێکی بچوك لەبەرەی باکورو باشوری رۆژهەڵات دەکران بەتایبەتی بۆسەر گوندە سنورییەکانی ئێزدیەکان، ناوچەی (تێل بەنات) چەند جارێك هێرشی کرایەسەر. بەواتایەکی تر، هەڕەشەکانی داعش، روون و ئاشکرابوون و هەموو کات ئامادەی روبەرووبونەوە بوون، هاوکات پلانی راگواستنی هاوڵاتیانی مەدەنیشیان هەبوو.

خاڵی دووەمی بیانوەکانی پارتی، هەوڵێك بوو بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی شکستی خۆیان لەبەرگریکردنی ئێزدییەکان. ئەم بیانوە، ئەو راستییە ئاوەژوو دەکات کە پاش ئەوەی هێزی سەربازی سوپای عێراق نەماو لەناوچوو لە ناوچەکانی نزیك موسڵ، هێزە کوردییەکان دەستیان بەسەر تەواوی چەك و جبەخانەی هێزە عێراقییەکاندا گرتبوو، لەنێوانیشیاندا " کەسك" کە ناوەندی بەرگریکردنی هەرێمی بوو چەك و پێداویستی سەربازی بۆ هێزەکانی فیرقەی ٢ و سێی و ئەکادیمیای سەربازی لە زاخۆ و سلێمانی دابیندەکرد. جگەلەوە، کاتێك هێزە عێراقییەکان لە تەلەعفەر پاشەکشەیان کرد و ناوچەی شەنگالیان بەجێهێشت، نەیاندەتوانی بگەنەوە بەغداد بەبێ تێپەڕین بەناو بازگە و خاڵەکانی پشکنینی ژێر دەسەڵاتی کورددا. لەبەرئەوە، هێزەکانی سەربە پارتی، هێزە شکستخواردووەکانی سەر بەحکومەتی عێراقیان ناچاردەکرد هەموو چەك و کەلوپەل و پێداویستییە سەربازییەکانیان رادەستی بارەگا سەرەکییەکانی پارتی لەشەنگال بکەن.

ئەمەش لیوای ١٠ ی سەربە یەکەکانی سێی سوپای عێراق و لیوای ١١ ی سەربە یەکەکانی سێی سوپای عێراقی تێدابو کە خۆیان رادەستی پارتی کردبوو. سەرەڕای بەرگریکردن و پاراستنی تەلەعفەر بۆماوەیەك، جارێکی دیکە ئەو سەربازانە لەلایەن داعشەوە وەدەرنران و لەلایەن هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە تاڵان کران و بە جل و بەرگی مەدەنییەوە رەوانەی بەغداد کرانەوە .

بەڵام سەرەڕای بوونی ئەو راستییەی کە پێچەوانەی ئەو بۆچونەیە پێیوایە پێشمەرگە چەك و کەلوپەلی سەربازی پێویستی لەبەردەست نەبووە، پێویستە ئەو پرسیارە بکەین کە هێزەکانی (یەپەگە) لە سوریا کە چەکی بچوکتریشیان هەبوو، لەڕووی پێداویستی سەربازیشەوە لاوازتربوون لە پێشمەرگە، توانییان ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەن کە پێشتر لەدەستی خۆشیاندا نەبوو، تەنانەت بەرزایی و شوێنی گونجاوی شەڕکردنیشی لێ نەبوو، دەبوو شەڕی ئەو بەربەستە سەربازییە بەهێزانەی داعشیش بکەن کە پێشتر داعش لەو ناوچەیە و لە دەوروبەری چیاکان دروستیان کردبوو .

لێرەدا خاڵە سەرەکییەکە ئەوەیە، ئەو قسەیەی کە دەڵێ داعش لەڕووی چەك و کەرەستەی سەربازییەوە بەهێزتر بووە لە پێشمەرگە هیچ راست نیە و هیچ پەیوەندی بە پاشەکشەکردن لە شەنگالەوە نیە .

پێویستە ئەوەمان لەبیربێت کە لەقەدپاڵی چیاکانی شەنگالدا شوێنی ستراتیژی زۆری لێیە کە دەستەیەك لە جوتیاران بە چەکی کۆنەوە توانیان بەرەنگاری لە هێزەکانی داعش بکەن تا بچنە ناو ئەشکەوتەکانی ئەو ناوچەیە، ئەمەش سودی بوونی بەرزایی و گردۆڵکەکانە کە لەناوچەی شەنگال بوونیان هەیە و لەناوچەکانی سوریا بوونیان نیە.

ئەو بۆچونەی کە پێیوایە پێشمەرگە پێویستبوو هەڵبێت بۆ دهۆك لەبری مانەوەو بەرگریکردن لەچیاکانی شەنگالدا، جگە لەوەی بەرگێکی بۆ هەڵهاتنی هاوڵاتیانی مەدەنیش دروستکردبوو، لەهەمان کاتدا شتێکی زۆر بێ مانا بوو بۆ ئەوکاتەی کە ئێزدییەکان پێویستیان بە هاوکاری تەواو هەبوو .

گرنگترین خاڵ خاڵی سێیەمە کە دەڵێ هێڵەکانی بەرگری پێشمەرگە بە ترسی هێزی تێکشکێنەری داعش تەنرابوون. ئەم بیانوە بۆخۆی بەرووکەشیدا دیارە کە بیانویەکی بەتاڵە چونکە پاشەکشەکردنەکەی پێشمەرگە بە دەنگە دەنگ و قەرە باڵغی و بێسەرو بەری نەبوو کاتێك دوژمن گەشتە شارەکە، بەڵکو بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو بوو، هاوکات بەدرێژایی ٧٢ کیلۆمەتر لەقەدپاڵی چیای شەنگال هێزی ئاسایشی دامەزراوی لێ بوو، هەموو سوچ و قوشبنێکی هێڵەکانی بەرگری بەو شێوەیە لەمەترسییا نەبوو کە لەهەموو لایەکەوە و لەیەك کاتدا بەوجۆرە تێکبشکێن.

ئەگەر سەربازەکان لە یەك شوێندا چواردەوریان گیرابێت، ئەوانی تر لەشوێنەکانی دیکە دەیانتوانی بەرگری بکەن، بەڵام پاشەکشەکە گشتگیر و رێکخراو بوو، لەیەك کاتدا تەواوی هێزی میلیشیای کوردی و هێزی ئاسایش لەتەواوی ناوچەی شەنگال لەیەك کاتدا پاشەکشەیان کرد و هەموو ئۆتۆمبێل و کەرەستە سەربازییەکانیش هێنرانە دەرەوەی شەنگال و بەرەو هەرێمی کوردستان بران.

کاتێك، خەڵکی سیڤیلی ئێزدی بینیان پێشمەرگە بەجێیان دەهێڵن، داوایان لێدەکرد هیچ نەبێت چەکەکانیان مەبەن و بۆ ئەوانی بەجێیبهێڵن ئەوان خۆیان دەتوانن بەرگری لە خێزانەکانیان بکەن، بەڵام پێشمەرگەکانی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیان رەتکردەوە.

بەپێی گێڕانەوەکانی سەدان کەس کە لەو جینۆسایدە رزگاریان بوو، ئەم پاشەکشە پلان بۆ دارێژراوە تەنانەت پێش گەشتنی داعش بۆ شەنگال روویدابوو. بەڵگەو دۆکیومنت و چیرۆکی بەچاوبینراوی زۆر لەبەردەستدان بۆ سەلماندنی راستییەکان و ئەو بەڵگانەش لەلایەن (سامی مەلا محمد) ، فەرماندەی پێشمەرگە لەسنوری شەنگالەوە پشتڕاستکرانەوە کاتێك لە ٣ی ئابی ٢٠١٦ لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ خەندان رایگەیاند " ئەو پێش گەشتنی داعش بۆ شەنگال پاشەکشەی بەهێزەکانی کردبوو" .دەشڵێت "ئەو کاتێك پاشەکشەی بەهێزەکانی کردووە کە زانیارییان هەبووە داعش لەناوچەکەدا جوڵەیان کردووە".

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، نەك تەنها قاسم شەشۆ، کە ئێستا فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگەی سەربە پارتییە لەشەنگال، لەلێدوانێکی تۆمارکراودا دەڵێت "پێشمەرگە پێش گەشتنی داعش پاشەکشەی کردبوو". دەشڵێت "پێشمەرگە ئەو ناوچەیان بەجێهێشت تەنانەت پێش ئەوەی هاوڵاتیانی ئاسایی بتوانن شەنگال چۆڵ بکەن و هەڵبێن".

وەڵامەکەی بارزانیش لەبارەی پاشەکشەی پێشمەرگە لە شەنگال هیچ ئاماژەیەکی بۆ تێکشکاندنی پێشمەرگە لە روبەرووبونەوەی داعشدا نەبوو، بەڵکو تەنها رایگەیاندبوو بەشێك لەفەرماندەکان کەمتەرخەم بوون لیژنەیەکیشی بۆ لێکۆڵینەوە پێکهێنا.

ئەو راستیانەی لەسەرەوە خرانەڕوو ئازاربەخشتر دەبن کاتێك دەبینین رۆژێك پێش جینۆسایدەکە واتە ٢ی ئابی ٢٠١٤ خەڵکی شەنگال زانییان کە داعش هێزی جوڵاندووە، دواتر هەستیان کرد کە داعش بەنیازە هێرش بکات. ئێزدییەکانیش لەبەرپرسانی ئاسایشی ئەو ناوچەیەیان پرسیبوو کە ئایا خەڵك ناوچەکە چۆڵ بکات یان نا، سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگەی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانیش

دڵنیاییان دابووە خەڵکە کە پارێزراو دەبن و داواشیان لە خەڵکەکە کردبوو کە لەنێو ماڵ و گوندەکانی خۆیاندا بمێننەوە.

لەهەندێك شوێنیش ئاسایش رێگرییان لە خەڵك کردبوو خۆیان رزگاربکەن و لەمەترسی هێرشەکانی داعش دووربکەونەوە، تەنانەت هەندێك خێزان ئۆتۆمبێلەکانیان بارکردبوو لە کەل و پەلی پێویست، بەڵام لەبازگەکانی سەر بەپارتی رێگرییان لێکرابوو کە بچنە کوردستان و گێردرابوونەوە بۆ ناو شەنگال و ناوچە گوندنیشینەکانی دەوروبەری.

ئامانجی من لەباسکردنی ئەم پێشینەیە لەبابەتەکەمدا بۆ ئەوەبوو کە روونی بکەمەوە چۆن متمانەی خەڵك بە پارتی دیموکراتی کوردستان نەما بەتایبەتی لە ٣ ی ئابدا. ئامانجێکی دیکەیشم ئەوەبوو کە روونی بکەمەوە چۆن هێزەکانی یەپەگە و پەکەکە هاتنە ناوچەکە بۆ بەرگریکردن لە ئێزدییەکان و بەوهۆیەشەوە پشتگیرییەکی زۆری خەڵکیان بەدەستهێنا.

هێزەکانی یەپەگە و پەکەکە نەك تەنها بەرگرییان لە ئێزدییەکان کرد، بەڵکو هاوکاری هەزاران ئێزدیشیان کرد کە لەلایەن پارتییەوە بۆ مردن بەجێهێڵرابوون تا خۆیان بەرگری لەخۆیان بکەن لە ماوەی ١٥ مانگی دوای هێرشەکان و لەو ماوەیەشدا توانرا زۆرترین جیهادی و شەڕکەری داعش بکوژن، زیاتر لە هەر هێزێکی دیکەی ناوچەکە.

### رێگریکردن لە گەڕانەوەی ئێزدییەکان و ئاوەدانکردنەوەی شەنگال: سەپاندنی ئابلۆقەی ئابوری

ئەم تەوەرە ئاشنامان دەکات بە ململانێ سیاسییەکانی ئێستای ئەو ناوچەیە کە ئێزدییەکانی کردۆتە قوربانی. وەك لای هەموان ئاشنایە، پاش ئەوەی هێزەکانی نزیك لەپەکەکە لە غیابی پێشمەرگەدا ئێزدییەکانیان رزگارکرد، هاوکاری ئێزدییەکانیان کرد هێزێکی میلیشیا دروستبکەن و هێزەکەشیان ناونا (یەپەشە). ئەم هێزە هاوسۆزی بۆ پەکەکە هەیە، بەڵام لەو ئێزدییانەی شەنگال و ناوچەکە پێکهێنراوە کە بەرگرییان لەخێزان وماڵەکانیان کرد.

پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت یەپەشە لەو ناوچەیە نەمێنێت، دەیەوێت هیچ هێزێکی دیکەی میلیشیایی لەناوچەکە نەمێنێت و خۆیان کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکە بگرنەوە دەست و دەست بە بازرگانی و ئیشەکانی خۆیان بکەنەوە. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی باش دەزانێت کە ئەگەر ئەو ئێزدییانەش کە ئێستا لە کامپەکانی دهۆکدا بگەڕێنەوە شەنگال پشتیوانی هێزێکی یاخی وەك یەپەشە دەکەن چونکە هاوسۆزی بۆ پارتی نیە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو تێگەشتنەی کە بۆچی ئابلۆقەی ئابوری لەو ناوچەیە دروستکراوە. سیاسەتی دروستکردنی ئابلۆقەی ئابوری شەنگال سیاسەتێکی چەپەڵی پارتییە بۆ ئەوەی ئێزدییەکانی نێو کەمپەکان کە زیاتر لە دوو ساڵ و نیوە لەوێدا قەتیسکراون تا نەگەڕێنەوە شەنگال و پەیوەندی بە هێز و میلیشیاکانی ترەوە نەکەن.

لەمانگی دیسەمبەری ٢٠١٤ ەوە بەشی باکوری چیای شەنگال ئازادکراوە و لەدەستی داعش دەرهێنراوە، بەبێ ئەوەی هیچ رووداوێك رووبدات کە پەیوەندی بە داعشەوە هەبێت. بەشی باکوری ئەم شارە نزیکەی ٨ شارۆچکە و زیاتر لە ٢٥ گوند و شوێنی نشینگەی ئێزدییەکانی لێیە کە گونجاون بۆ ئاوەدانی و گێڕانەوەی ژیان بۆیان، پێشتریش هەزاران خێزانی ئێزدی لەم شوێنانە ژیاون، ئێستا ئێزدییەکان هەوڵی بنیاتنانەوەی بینا رووخاوەکانیان و بوژاندنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان دەدەن. هەرچەندە زیاتر لە ساڵێکە ئاسایشی سەربە پارتی بەشێوەیەکی چڕوپڕ کار بۆ برسیکردنی ئەم خێزانە ئێزدییانە دەکات و رێگریش لە گەڕانەوەی هەزارانی دیکە دەکات کە دەیانەوێت شارو شارۆچکە رووخاوەکانیان ئاوەدان بکەنەوە، ئەوەش بەهۆی ئەو بەربەستە ئابورییەی کە لەو ناوچەیە دروستیکردووە.

لە یەکەم خاڵی پشکنینی سەربە پارتی کە کۆنترۆڵی هاتوچۆ بۆ شەنگال دەکات لە دهۆکەوە (نزیکی فیشخابور و گوندی سوهەیلە) ئاسایش رێگەنادەن ئێزدییەکان کەل و پەل و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان و کەرەستەی کڕین و فرۆشتن بهێنن بۆ ئەو شارە، وەك مەڕوماڵات و زۆربەی کەرەستەکانی بازاڕکردن کە بنەمای سەرەکی ئابوری شارەکەن. تەنانەت جگەلە مەسەلەی بازرگانی، ئێزدییەکان رێگەیان پێنادرێت کەل و پەلی ناوماڵ و پێداویستییەکانی خۆشیان ببەنە ناو شەنگال، بەمجۆرە دەتوانین

نمونەی چەندەها شت بهێنینەوە کە ئاسایشی پارتی ڕێگە بە بردنیان بۆ ناو شەنگال نادات. ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکی کەمە کە من بۆ خۆم لەئەنجامی گفتوگۆکردنم لەگەڵ خێزانە ئێزدییەکان و جوتیارەکان و خاوەن دوکانەکان وەرمگرتوون:

- میکانیکییەکان و فرۆشیارەکانی ئەشیای ئۆتۆمبێل ڕێگەیان پێنادرێت پارچەی سپێر و کەل و پەلی دوکانەکانیان و کاری جوتیاری بۆ شەنگال بگوازنەوە.
- خۆراك و پێداویستی رۆژانەی خێزانەکانیش (تەنانەت عەلاگەیەك شەکر و ئارد و برنجیش) ڕێگەی پێنادرێت بهێنرێنە ناو شەنگال.
- جوتیارەکانیش وەك خۆیان دەڵێن ڕێگەیان پێنادرێت رۆنی مەکینە و ئامێرەکانی دروێنەکردنیش بهێننە شەنگال (شەنگال پشت بە بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ دەبەستێت)، بەڵام سوتەمەنی وێستگەکانی فرۆشتن بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دابیندەکرێت، لەبەرئەوەی سودی خۆیانی تێدایە.
- چیمەنتۆ و پێداویستییەکانی دیکەی خانوبەرە کە ئێزدییەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی خانوە رووخاوەکانیان بەکاریدەهێنن لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە ڕێگە بە هاوردەکردنیان بۆ شەنگال نادرێت.
- هەندێك لە خێزانەکان تەنانەت ڕێگەیان پێنەدراوە تەنها بەرخێك یان مەڕێك لەگەڵ خۆیان بهێنن.
- کەرەستەکانی دیکەی وەك ماددەی پیتێنەر و بەهێزکەری روەك بەبیانوی نەگەشتنیان بە دەستی داعش بۆ دروستکردنی ماددەی کیمیایی ڕێگە بەهاوردەکردنیان بۆ شەنگال نادرێت، بەڵام ئەم ماددە کیمیاییانە کە تەنها بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بەکاردەهێنرێن لەدەستی ئێزدییە هەژارەکاندا بۆ مەبەستی خراپ بەکار ناهێنرێت. بەبێ ئەم ماددە پیتێنەرانە، جوتیارەکان رێژەی لەسەدا ٥٠ بۆ ٧٠ ی بەرهەمەکانیان لەدەستدەدەن.
- هەندێك ئامێری دیکەی سادە وەك ئامێری ئاودان بۆ ناوچە کشتوکاڵییەکان ڕێگە بە هاوردەکردنیان نادرێت.
- بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی شەنگال ڕێگەیان پێنەدراوە کەل و پەل و پێداویستییەکانی قوتابخانە هاوردەی شەنگال بکەن، بۆنمونە پەڕە، تەنها

پرینتەرێك، و تەنها لاپتۆپێك ڕێگەیان پێنادرێت بە خاڵەکانی پشکنیندا تێپەڕن. هاوکات پێداویستییەکانی دیکەی وەك ترومپای ئاو و نەوت و کەرەستەکانی ئاوەڕۆ ڕێگەیان پێنادرێت بهێنرێنە ناو شەنگالەوە.

- ئاوارەو خێزانە بێ لانەوماڵەکانی شەنگال کە ویستویانە زێدی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە ڕێگە بەهاتنەوەیان بۆ شەنگال نەدراوە و گێڕدراونەتەوە بۆ ناو کەمپەکانیان لە دهۆك و هەولێر.
- دەرمان و چارەسەری ئاژەڵیش ڕێگە بە هاوردەکردنیان بۆ شەنگال نادرێت. هەرچەندە خێزانە ئێزدییەکان زۆربەیان بەهۆی ئەم سیاسەتەوە ناتوانن دوکانەکانیشیان بکەنەوە.

وەك ڕێگرییەکی پێشتر ڕانەگەیەنراو نافەرمی، ئەو پلانە بە مەبەست جێبەجێدەکرێت. ئەو کەسانەی پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ حکومەت و ئاسایش و پێشمەرگە هەیە هەندێك جار ڕێگەیان پێدەدرێت هەندێك کەلوپەل لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ ناو شەنگال. لەناوچەی سنونە هەندێك کەرەستەی وەك کەلوپەلی فرۆشتنی سەر عارەبانەکان ڕێگە بە هاوردەکردنیان دەدرێت. ئەمەش وەك پاساوێك بۆ شاردنەوەی سیاسەتی ڕێگریکردنەکەیان بەکاردەهێنن، بەڵام تەنانەت کاتێك هاوڵاتیانی ئێزدی هەندێك کەلوپەلی ڕێگەپێدراویش دەهێنن، هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس سوکایەتی بە شۆفێرەکان دەکەن و داوایان لێدەکەن هەموو کەلوپەلەکان لە ئۆتۆمبێلەکانیان داگرن و تەنانەت ناچاریشیان دەکەن سەوزە و میوەکانیان لەبەر هەتاوەکەدا دابنێن.

زۆربەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەکرێ ئیش دەکەن، بەو هۆیەوە، وازیان لە گواستنەوەی کەلوپەل بۆ شەنگال هێناوە. کاتێك هەندێك لە شۆفێرەکان سکاڵایان لەدژی ئەم کۆت و بەندەی سەریان دەربڕی، ئاسایش داوای لێکردبوون کە پێویستە داوای مۆڵەتی تایبەت بکەن، مۆڵەتێك کە پێشتر نەبووە و کەس نەیبیستووە، ئەو جوتیارانەی ئەم مۆڵەتە تایبەتییەیان نیە، بێنەو بەرەی زۆریان پێدەکرێت و لەم ژوور بۆ ئەو ژوور دەنێردرێن تەنها بۆ ئەوەی مافی هێنانی پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان پێبدرێت،

بەمجۆرە جوتیارێك هەتا رێگەی هێمانی پێداویستییەکانی کێڵگەیەکی بچوکی پێدەدرێت چەند مانگێك دەیبەن و دەیهێنن .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەو ماوەیەدا جوتیارەکە وەرزێکی تەواوی کارکردن لەدەستدەدات. بەوهۆیەشەوە زۆربەی خەڵك و جوتیارەکان واز لەکاری جوتیاری دەهێنن، چونکە بێزار دەبن. جوتیارێك کە دواجار توانی رەزامەندی پارێزگاری دهۆك وەرگرێت بۆ هێنانی کەل و پەلی کشتوکاڵییەکەی، لە خاڵی پشکنینی ئاسایش لە شەنگەل رێگەی پێنەدرا کەل و پەلەکانی بهێنێتە سەر کێڵگەکەی، بەمجۆرە تەنانەت گەرەنتی ئەوەش نیە ئاسایش کار بە بڕیاری حکومەتیش بکات.

رێکخراوی چاودێری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لێکۆڵینەوەی لەم رێگرییانە کردو بەمدواییانەش راپۆرتێکی لەوبارەیەوە بڵاوکردۆتەوەو تێیدا ئیدانەی ئەم کارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە کە رێگری لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچەیە دەکات. من بۆ خۆم پشتگیری تەواوی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچەیە دەکەم لەبەرئەوەی ئێزدییەکان بە ئاوەدانکردنەوەی زێدی روخێنراوی خۆیان لەلایەن داعشەوە ئومێدیان بۆ دەگەڕێتەوەو هەستدەکەن ئایندەیەکیان لەو ناوچەیە هەیەو چیتر بیر لە کۆچکردن ناکەنەوە .

کۆچکردن شێوازی ژیانی فرە نەتەوە و ئاین لەو ناوچەیە تێکدەدات و ژیانی کەمە نەتەوایەتییەکان هێندەی تر دەخاتە مەترسییەوە. لەئێستادا سیاسەتی حکومەتی هەرێم و ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچەیە رێگری لە ئێزدییەکان دەکات بگەڕێنەوەو ناوچەکەیان ئاوەدان بکەنەوە، ئەمەش تەنها بێ ئومێدی بەرهەم دەهێنێت و هانی کۆچکردنی زیاتری ئێزدییەکان دەدات.

## توندوتیژی سیاسی دژبه ئێزدییەکان

ئەو دۆخەی کە لەسەرەوە باسمکرد، لە ئێستادا بەرەو خراپتر دەڕوات، ئەو خێزانە ئێزدییانەی کە بەر شالاوی جینۆسایدی داعش کەوتن و نزیکەی سێ ساڵە لە کەمپەکاندا ماونەتەوە، نەك تەنها ڕێگە بە گەڕانەوەیان نادرێت، بەڵکو لەئێستادا ڕێگەشیان پێنادرێت سکالاّ دژی ئەو بارودۆخە دەرببڕن کە بۆیان دروستکراوە و هەرکەس سکالاّ بکات بەتوندرین شێوە سزادەدرێت.

ئاسایش بەردەوامە لە کۆنترۆڵکردنی زیاتر و دانانی فشاری زیاتر لەسەر ئێزدییەکان لەناو کەمپەکاندا. ئێزدییەکان بەهیچ جۆرێك ڕێگەیان پێنادرێت کۆبوونەوەی خۆیان لەناو کەمپەکاندا بکەن، مەگەر کۆبوونەوەیەك کە لەلایەن حزبی سەرەکی ئەو ناوچەیەوە ڕێکخرابێت کە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

ئەو کۆبوونەوانەش خۆیان لە کۆبوونەوەی ساڵیادی جینۆسایدی ئێزدییەکان و یادەوەری وێرانکردنی شەنگالدا دەبینێتەوە. مانگی ئابی رابردوو، ئەو کاتەبوو کە ئاسایش لێی دەترسا ببێتە دەرفەتێك بۆ دەربڕینی نارِەزایەتی ئێزدییەکان. ئەو ئێزدییانەی کە خۆپیشاندانی هێمنانەیان ئەنجامداوە و لە تۆڕە کۆمەلاّیەتییەکان دژی ئەم سیاسەتەی ئێستای حکومەت قسەیان کردووە بەزۆری لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراون یان هەڕەشەیان لێکراوە. بەشێوەیەکی گشتی، ئاسایش سەرکەوتوو بووە لە کپکردنی دەنگی ناڕازی ئێزدییەکان. لەهەمووی خراپتر، ئەو توندوتیژییە سیاسییەیە کە لە دژی ئەو ئێزدییانە دەگێرێتە بەر کە پەیوەندی بە هێزە میلیشیاکانی ترەوە دەکرێت. ئەو گەنجانەو خێزانەکانیان دەچەوسێنرێنەوە بە دەستگیرکردن و لێدان و زیندانیکردن و لێکۆڵینەوەی بێزارکەر لەگەڵیان. ئەو کچ و کوڕە گەنجانەی کە پەیوەندی بەهێزەکانی (یەبەشە)ی سەربە پەکەکەوە دەکەن بەهێچ جۆرێك ڕێگەیان پێنادرێت سەردانی کەسوکاریان لەناو کەمپەکانی دهۆکدا بکەن و هەرکەسیش سەردان بکات بەبێ یەك و دوو دەستگیردەکرێت .

ئاسایشی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان تەنانەت شۆفێری ئەو تەکسییانەشی دەستگیرکردووە کە نەفەری سەربە یەپەشە شیان گواستۆتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە،

زۆربەی ئەو شۆفێرە تەکسییانە ناسنامەی نەفەرەکانیان نازانن و ناشزانن کە سەربە چ هێزێکی دیاریکراون، بەڵام دەستگیر و زیندانیش کراون. هەندێك لەو کچ و کوڕە گەنجانەی ئێزدییەکان بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە خێزان و کەسوکاری خۆیان لەناو کەمپەکاندا نەبینیوە کە چەند کاتژمێرێکی کەم بە ئۆتۆمبێل لە کەمپەکانەوە دوورن .

یەکێك لە فەرمانبەرەکانم لە ڕێکخراوی یەزدا کە لە کوردستانی عێراق بەڕێوەم دەبرد، پیاوێکی هەژاری نەخوێندەواربوو ئەرکی پاککەرەوە بوو لە ناوەندی چاودێری تەندروستی یەزدا. هیچ ئینتیمایەکی سیاسی نەبوو، بەڵام زۆربەی مناڵە پێگەشتووەکانی بڕیاریاندابوو پەیوەندی بە هێزەکانی یەپەشەوە بکەن کە بەرگری لە شارەکەیان دەکات. ڕۆژێك ئەم پیاوە لەلایەن ئاسایشی سەربە پارتییەوە دەستگیرکرابوو برابوو بۆ شوێنی لێکۆڵینەوە و لەوێ پێیوترابوو کە بێسەروشوێندەکرێت ئەگەر مناڵەکانی رازینەکات وازلە یەپەشە بهێنن. ئەویش بەهیچ جۆێك مناڵەکانی پێ ڕازی نەدەکرا کە واز لەو هێزە بهێنن کە بەرگری لە شەنگال کردبوو، لەبەرئەوە ئەو پیاوە داوای لێکرابوو کوردستان بەجێبهێڵێت. دواتر گەڕایەوە شەنگال کە لەوێ نەئیشی هەبوو نە هۆکارەکانی ژیان و ئاوەدانی لێبوو، تەنها ئەوەی کە هەبوو سەلامەتی ژیانی بوو چونکە لەژێر دەستی هێزەکانی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان رزگاری بوو بوو.

ئەم جۆرە چیرۆکانە شتێکی باو و ئاساین لەو ناوچەیە، چەوساندنەوەی سیاسی ئەو ئێزدییانەی کە دەنگی رەخنە و ناڕەزایی بەرزدەکەنەوە دژبە حکومەت زۆر زۆرە و ئەوەش وایکردووە کە سەدان خێزان ناچاربن بەرەو ئەوروپا کۆچبکەن .

ژمارەیەك چالاکوان و ڕۆژنامەنوسی ئێزدی کە سەربە هیچ لایەنێکی سیاسی نین، لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە هەڕەشەیان لێکراوە تەنها لەبەرئەوەی دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردۆتەوە و بابەتیان لەو بارەیەوە نوسیوە. ئەو ڕۆژنامەنوس و چالاکوانانەش بژاردەی بەجێهێشتنی وڵاتەکەیان هەڵبژاردووە لەبری ئەوەی لەناو ترس و دڵەڕاوکێی ئەو ناوچەیەدا بژین .

تەنها هاوڵاتیان و خێزانەکان قوربانی ئەمجۆرە سیاسەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان نین، بەڵکو ڕێکخراوەکانیش کراونەتە ئامانج .

ڕێکخراوی یەزدا لەعێراق تەنها ڕێکخراو نییە کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پاش جینۆسایدی ئێزدییەکان داخرابێت، بەڵکو پرۆژی (ڕەینبۆ)ی دروستکراوی ئێزدییەکانیش کە لە کامپی (مامیلیان) چالاکییان بۆ منداڵان دەکرد لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ دا داخرا پاش ئەوەی بەشێك لە کارمەندە خۆبەخشەکانی بەشدارییان لە خۆپیشاندانی دژی مامەڵەی خراپ لەگەڵ ئێزدییەکان کرد .

هەڵمەتی (هەزار دینار) کە پرۆژەیەکی کاریگەر بوو تێیدا خۆبەخشانی ئێزدی دیاری و کاری خۆبەخشی کەمیان لە خەڵکی ناوچەکە کۆدەکردەوە و دابەشیان دەکردەوە بەسەر کامپەکاندا، پێش هاوینی ساڵی ٢٠١٦ لەلایەن ئاسایشی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە داخرا، هۆکاری سەرەکی داخستنی ئەو هەڵمەتەش ئەوە بوو کە هەندێك لە ئەندامەکانی لەوێنەیەکدا دەرکەوتبوون ئاڵای لایەنێکی دیکەیان بەرزکردبووەوە. بەشێوەیەکی ئاسایی، یەزدا جێگای میهرەبانی خەڵکی ناوچەکە بوو. ئەوکاتەی لە کوردستان کارم دەکرد هەرکات بچوکترین ناڕەزایم دەربڕیایە لەبەرامبەر ئەو دۆخە خراپەی لە ئارادا بوو یان باسی کاریگەری سیاسەتەکانی پارتیم بکردایە لەسەر ڕزگاربوانی جینۆساید، ئەوا لەلایە بەرپرسانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هێرشی زۆرم دەکرایە سەر.

ئەگەر لەکۆبوونەوەی گشتی نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باسی ڕێگریکردن لە بردنی کەل وپەل و پێداویستیەکانم بکردایە بۆناو شەنگال، دواتر بەئاشکرا و لە ڕاگەیاندنەکانەوە گاڵتە بەبیرو بۆچونەکانم دەکرا لەلایەن بەرپرسانی حکومەتەوە و بە ئاژاوەگێڕ لەقەڵەم دەدرام، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە حکومەت بوو کێشەی بۆ قوربانیانی جینۆساید دروست دەکرد.

هەرکەس و ڕێکخراوێك ڕەخنەی لە سیاسەتی پارتی لەشەنگال بگرێت بە پشتیوانیکردنی پەکەکە تاوانباردەکرێت، ئەمەش بۆچونێکی تەواو نامۆیە. ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی زیان بەخشی پارتی مانای پشتگیریکردنی پەکەکە نایەت. دوور لەو

ململانێیانەی کە لەشەنگالدا هەیە، دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان بۆ خۆی تەندروست نەبوو. لەبەهاری ساڵی ٢٠١٦، بەرپرسێکی باڵای هێزەکانی پێشمەرگەی سەربە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەشەنگال سەردانی کردم و پێی راگەیاندم کە چۆن ویستویەتی کۆمەڵێك کەرەستەی باش و ئامێری گرنگ بگەیەنێتە شەنگال، بەڵام لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە رێگری لێکراوە هەرچەندە سەرکردەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە .

لەماوەی کارکردنم لەعێراق، ناوەندە تەندروستییەکانی ناوچەی شەنگال بەدەست کەمی دەرمانەوە دەیانناڵاند. لێرەدا مەبەستم ئەو ناوەندە تەندروستییانە نیە کە پەکەکە بۆ خزمەتکردنی  ئێزدییە بێ لانەو ماڵەکان لەسەر لوتکەی چیاکان کردبوونیەوە، بەڵکو زیاتر مەبەستم ئەو ناوەندە تەندروستییانەی سەربە حکومەتە کە لەبەشی باکوری شارەکە بۆ هەموو شەنگال کراونەتەوە.

ئەم ناوەندە تەندروستییانە سەربە ئیدارەی نەینەوان و بەرپرسیارن لە تەندروستی هەزاران خێزانی  ئێزدی کە گەڕاونەتەوە شەنگال.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕێوەبەرەکانی ئەم ناوەندە تەندروستییانە ئەوەیان پێڕاگەیاندم کە رێگەیان پێنادرێت دەرمان و کەرەستەی تەندروستی لە ئیدارەی نەینەواوە بگەیەننە ئەم ناوەندانە. من بۆخۆم سەردانی ئەم ناوەندە تەندروستییانەم کردووە و بەچاوی خۆم گەنجینەی دەرمانەکانیانم بینیوە کە بەتاڵ بوون .

لەبەهاردا، بەهەمان شێوە قسەم لەگەڵ ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان کرد، کە سەردانی کەمپەکانی دهۆکی کردبوو بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی پێداویستی رزگاربوانی جینۆساید لە کامپەکاندا بۆئەوەی هاوکارییان بکات. ئەو پەرلەمانتارە پرسیاری لە بەڕێوەبەری یەکێك لە کامپەکان کرد دەربارەی پێداویستییەکانی خەڵك، لە وەڵامی ئەو پەرلەمانتارە کە بەپێی زانیارییەکانی من سەربە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، بەڕێوەبەری کەمپەکە وتی کە پێویستیان بە هیچ نیە و هەموو پێداویستییەك ئامادەیە.

## مەترسی گۆڕینی دیمۆگرافییای ناوچەکە

هاوشێوەی ئەو بەرنامەیەی کە بۆ گۆڕینی دیموگرافیای شێخان هەیە، شەنگال لە ژێر مەترسی هەمان بەرنامەی گۆڕانکاری دیمۆگرافیدایە. ئێزدییەکان مەترسی ئەوەیان هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگری لە گەڕانەوەیان بۆ شەنگال بکات و لەبری ئەوە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیان بکات و لەوێش کۆنترۆڵکردنیان ئاسانترە و لەولاشەوە شەنگال شوێنێکی گونجاوتر دەبێت بۆ نیشتەجێکردنی هەوادارانی پارتی .

وەك ناوچەیەکی جێناکۆك کە تائێستاش سەربە حکومەتی عێراقە، زۆر ئاسانتر دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی کۆنترۆڵی شەنگال بکات ئەگەر دانیشتوانەکەی هەواداری پارتی دیموکراتی کوردستان بن، وەك ئەوەی دانیشتوانەکەی کەمینەیەکی وەك ئێزدی بن. راستەوخۆ پاش ئەوەی کە کۆچی بەکۆمەڵی دانیشتوانی شەنگال و وێرانکردنی لەساڵی ٢٠١٤ دا، ئێزدییەکان مەترسی خۆیان لەبوونی پلانێکی درێژخایەن بۆ رێگریکردن لە گەڕانەوەیان بۆ شەنگال نەشاردەوە .

گومانی ئێزدییەکان بۆ نیشتەجێکردنی ئێزدییەکانی کوردستان لە هەرێمی کوردستان و پڕکردنەوەی ئەو شارە بەهەوادارانی پارتی ئەو کاتە تۆختر بوویەوە کە لە ٣ ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥ سەردانی (فواد حسێن) سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانمان کردو ئەویش لە کۆبوونەوەیەکی یەك کاتژمێریدا پێی راگەیاندین کە ئاوەدانکردنەوەی شەنگال تێچوویەکی زۆری دەوێت و پێویستە لەبری ئەوە دەگونجێت ئێزدییەکان لەشوێنی دیکە نیشتەجێ بکرێن. منیش لە وەڵامدا وتم بەدڵنیاییەوە ئاوەدانکردنەوەی شارەکەی خۆیان تێچووی کەمتردەبێت وەك لەوەی لەشوێنێکی دیکە کۆمەڵگایەکی نوێیان بۆ دروستبکرێت. بەمجۆرە، تراجیدیای راستەقینەی ئێزدییەکان ئەو کات دەستپێدەکات کەحکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامبێت لە رێگریکردنیان لە گەڕانەوەیان بۆ شەنگال، ئەوکات ئەوان هەموو کولتور و نەریتی ئاینی و زیدی هەزارساڵەی پڕ لە مەزارگە و شوێنی پیرۆزی خۆیان بۆ هەتا هەتایە لەدەستدەدەن.

## ئەو داهاتووەی ئێزدییەکان پێویستیانە

بەمدواییانە بەرپرسانی کورد داواکارییەکانیان لە پەکەکە بۆ جێهێشتنی ناوچەکە چڕترکردۆتەوە، پەکەکەش بۆ خۆی کەمترین ئامادەگی لە شەنگالدا هەیە، بەڵام مەبەستی پارتی لە پەکەکە ئەو هێزەیە کە لە ئێزدییەکانی ناوچەکە پێکهاتووە بە ناوی هێزەکانی (یەپەشە) و ئینتیمای سیاسییان بۆ پەکەکە هەیە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نەمانی هێزەکانی نزیك لە پەکەکە لەناوچەکەدا کردۆتە پێشمەرجی نەهێشتنی ڕێگرییەکانیان بۆ ناوچەی شەنگال. لەوبارەیەوە نێچیرڤان بارزانی دەڵێت "بوونی پەکەکە لە شەنگال ڕێگرە لە بەرقەراربوونی ئاشتنی لەناوچەکە و گەڕانەوەی ئێزدییەکان بۆ زێدی خۆیان"، نێچیرڤان بارزانی وای نیشاندەدات کە پارتی بە ناچاری ڕێگری لە بوژاندنەوەی ناوچەکە دەگرێت.

بەڵام هەموو خەڵکی ناوچەکە دەزانن کە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر ناوچەکەدا هەیە و دەتوانێت هەر کات بیەوێت سیاسەتی ڕێگریکردنەکە کۆتای پێبهێنێت.

لێدوانەکانی نێچیرڤان بارزانی ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو نەگرتووە کە هێزەکانی یەپەشە لە هاوڵاتیانی ئێزدی ناوچەکە پێکهاتوون و هیچ هێزێکی بیانیان تێدا نیە و ناوچەکەیان داگیر نەکردووە (گەورەترین هێزی پێشمەرگە لەناوچەکەیان هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژاڤایە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاوارەی کەمپی سورییەکان لەناو هەرێمی کوردستان پێکیهێناون).

من بۆخۆم پشتگیری هیچ هێزێکی میلیشیا ناکەم و پشتگیری ئەوەش ناکەم هیچ هێزێکی سیاسی چەکداری هەبێت، بەڵام بەتەواوەتی پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئێزدییەکان ئازاد بن لە هەڵبژاردنی ئەو هێزە سیاسییەی کە داکۆکی لەمافەکانیان دەکات، ئەمە دیموکراسی ڕاستەقینەیە.

هەرچەندە ئەم بابەتە پەیوەندی زۆر زیاتری بەهەڵبژاردنی حزبێکی سیاسییەوە هەیە و ئەوەی ئێزدییەکان دەیانەوێت هەڵبژاردنی حزبێکی سیاسی نییە، بەڵکو دەیانەوێت خۆیان ژێرخانی ئیداری خۆیان بنیات بنێن، بەشێوەیەکی سەربەخۆیانەو دوور لە دەستێوەردانی هەر هێزێکی سەرەکی لەناوچەکەدا. زۆربەی ئێزدییەکانی ناوچەکە لەوە دوو دڵن کە پەکەکەش ببێتە هێزێکی وەکو پارتی لەناوچەکەدا. نایانەوێت پەکەکە جێگەی پارتی بگرێتەوە وەك هێزێك کە هەژمونی خۆی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا فەرزبکات.

بەشی داهاتوو نمونەی دەسەڵاتێکی پاوانخوازی تاك حزبییە کە کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر خەڵکدا هەیە. بەهەمان شێوە ئێزدییەکان لەوە دەترسن کە پەکەکە پشتگیری هێزەکانی یەپەشە نەکات، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی هەیمەنەی پارتی لەناوچەکەداو گێڕانەوەی دەسەڵاتی ئەو هێزەی کە ژیانی ئێزدییەکانی لەلا گرنگ نەبووە، ئەمەش وەك خراپترین سیناریۆ لێکدەدرێتەوە.

لەبەرئەوە، ئێزدییەکان پێیانوایە لەئێستادا پەکەکە باڵانسی هێزی راگرتووە، نە پەکەکە و نە پارتیش دەسەڵاتی تەواویان لە شەنگالدا نیە.

رێگریکردن لەو هێزە دەرەکییەی کە کۆنترۆڵی تەواوی شەنگالی بەدەستەوە بوو یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئێزدییەکان بۆ ئەوەی پلانی نوێ بۆ ئیدارەکردنی خۆیان و دابینکردنی ئاسایش و حوکمڕانیەتێکی باش دابنێن، بەڵام پێویستیان بە هاوکاری تەواوی ئەمەریکا و ئەوروپا یە تا لەم پەیامەیاندا سەرکەوتوو بن. ئەمەش ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئێزدییەکان دەیانەوێت، ئەوان نایانەوێت شەنگال بەجێبهێڵن و ئاسایشی ئەو ناوچەیە بخەنە ژێر رکێفی هێزێکەوە کە لەدەرەوەی شەنگال هاتووەو شکستی هێناوە لە پاراستنی ئێزدییەکان. ئێزدییەکان دەیانەوێت خۆیان چاودێری کاروبارەکانی خۆیان بکەن بە دامەزراندنی چەند دامەزراوەیەکی ئاسایشی و ئیداری سەربەخۆ کە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دانپیانراوبن.

ئێزدییەکان دەیانەوێت پەیوەندییەکی باش لەنێوان ئیدارەی شەنگال و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبێت، بەڵام زیاتر ئەوەیان لا پەسەندە کە خۆیان

بەرپرسیارێتی ئاسایشی خۆیان هەڵگرن و هانی رەخساندنی کەش و هەوایەك لە شەنگالدا بدەن کە لە سایەیدا هەموو کەس ئاسایشی پارێزراو بێت. ئەمەش کارێکی زۆر گونجاوە.

لەبەرئەوە پەیوەندیکردنی زۆربەی ئێزدییەکان بە هێزەکانی یەبەشەوە بۆ پشتگیریکردنی پەکەکە نیە، بەڵکو زیاتر ئامانج لێی بەرگریکردنە لە ناوچەکەیان و بەهێزکردنیانە بۆ حکومڕانییەکی سەرکەوتوی لۆکاڵی. بەشێوەیەکی ئاسایی لەئێستادا جێگرەوەیەك بۆ پەکەکە نادۆزرێتەوە کە پارێزگاری لە بەرژەوەندی ئێزدییەکان بکات.

بۆ ئێزدییەکان، گرفتەکە بژاردەی نێوان هەولێرو بەغداد نیە کە کامیان هەڵدەبژێرێت و کامیان رەتدەکاتەوە، بەڵکو ئەوەی ئێزدییەکان دەیانەوێت بوونی چوارچێوەیەکە بۆ مافی خۆبەڕێوەبەری، ئەوەش شتێکە کە هەرگیز حکومەتەکەی هەولێر سازشی لەسەر ناکات.

بەرەتکردنەوەی داواکارییەکانی هەولێر لەلایەن شەنگالەوە (ئەوەی کە زۆرینەی ئێزدییەکان لەسەری کۆکن) ئێزدییەکان نایانەوێت رەزامەندی نیشانبدەن لەسەر بوونی پەیوەندییەکی تایبەت لەگەڵ بەغداد، بەڵکو زیاتر دەیانەوێت لەچوارچێوەی ئەو حکومەتەدا بمێننەوە کە مافی خۆبەڕێوەبەرێتییان دەداتێ.

نزیکەی دەساڵی خایاند تا (پارتی دیموکراتی کوردستان) توانی ئێزدییەکان رازیبکات کە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بمێننەوە و نەچنە پاڵ بەغداد و داوای مافی خۆبەڕێوەبەرێتی نەکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە نیشاندانی وێنەیەکی جوان بە ئێزدییەکان و لەبری رێزگرتن لە مافەکانیان، چەندین جار روبەڕووی هەڕەشە و گرتن و تۆقاندن بوونەتەوە.

کاتێك لەشەنگال بووم لەهاوینی ٢٠١٥، قسەم لەگەڵ چەند جوتیارێك کرد کە کامپەکانی دهۆك و هەولێریان جێهێشتبوو و بەشێوەیەکی کاتی گەڕابوونەوە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی خۆیان لەبەشی باکوری چیاکانی شەنگال. بۆئەوەی دروێنەی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان بکەن کە لەسەروبەندی جینۆسایدەکەدا سەوز

بووبوون، ئاواتە خوازبوون کە بەروبومە کشتوکاڵییەکانیان بفرۆشن و بگەڕێنەوە کامپەکانیان. بەڵام لەبری هاوکاریکردنیان، سەرکردەکانی پێشمەرگە لەو ناوچەیە پاش ئازادکردنی بەشی باکوری چیاکە ڕێگەیان بەو ئێزدیيانە نەدا دانەوێڵەو بەروبومە کشتوکاڵییەکەیان بهێننەوە بۆ دهۆك (ئەمەش خاڵی سەرەکی ئەو بەربەستە ئابورییە بوو کە لە بابەتەکەدا ئاماژەمان پێکرد).

بەرپرسەکانی پێشمەرگە فشاریان لە جوتیارەکان دەکرد بەروبومە کشتوکاڵییەکەیان لەناو شەنگالدا بفرۆشن بە نرخێکی کەمتر بەوان و خۆشیان ئەو بەروبومە بهێننەوە بۆ هەرێمی کوردستان و بە گرانتر بیفرۆشن تا قازانجێکی زۆریان دەستبکەوێت.

ئەمە تەنها نمونەیەکی گەندەڵییە کە خەڵکی شەنگال بەدەستییەوە دەناڵێنن لەسەر دەستی سیاسەتی حوکمڕانی تاك حزبیداو نیشانی دەدات کە چۆن ئەو خەڵکە چەندجار دڵشکاوە هێشتا دەکرێنە ئامانجی بەرپرسان پاش جینۆسایدیش. ئەمڕۆ ئێمە پێویستە ئاماژە بەم دەستدرێژییانە بکەین.

ئێستا پێویستی خواستی ئێزدییەکان بۆ خۆبەڕێوەبردن لەچوارچێوەی عێراقداو بەشێوەیەکی یاسایی لەلایەن هەموانەوە ڕێزی لێبگرێت. ئەم خواستە بێ هۆکار و ناواقیعی نییە. ئەوان نایانەوێت لەعێراق جیاببنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن، بەڵکو تەنها دەیانەوێت لەچوارچێوەی دەستوری عێراقدا بەشێوەیەکی کاریگەرتر خۆیان بەڕێوەببەن و پارێزگاری لە ناوچە مێژوویەکەی خۆیان بکەن.

ئەم ئامانجانەش هەستیارن چونکە ئەم کەمایەتییانە بەرگری لە مانەوەی ناوچەکەی خۆیان دەکەن، هاوکات ئامانجەکان بەدەستهاتوش دەبن ئەگەر پشتگیری نێوخۆیی و نێودەوڵەتییان هەبێت.

## پەیامێکی نوێ لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێزدییەکان

لەم قۆناغەدا، کە پارتی دیموکراتی کوردستان نەیتوانیوە پشتگیری ئێزدییەکان بەدەستبهێنێت، باشترین شت بۆ هەرێمی کوردستان کە پارتی تێیدا بالادەستە، بوونی پەیامێکی نوێیە بۆ ئێزدییەکان. ئەمەش ئەو پەیامەیە کە بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو کورد پێشکەشی ئێزدییەکانی بکەن لەشەنگال:

- **سەرەتا** پێویستە ئێمە بەرپرسیارێتی هەڵگرین کە ئێوەمان لەکاتی پێویستدا بەجێهێشت و رێگەماندا ئەو جینۆسایدە بەسەر ئێزدییەکاندا رووبدات. ئێمە داوای لێبوردنتان لێدەکەین کە لەوکاتە مەترسیدارەدا پشتمان لێکردن و خەڵکەکەتانمان بەبێ بەرگریکردن تەسلیم بە ویژدانی مەترسیداری داعش کرد. پێویست بوو ئەوکات راستەوخۆ داوای لێبوردنمان لێبکردنایە، ئێستاش داوای لێبوردن دەکەین کە لەکاتی خۆیدا ئەم پەیامەمان پێنەگەیاندوون. داوای لێبوردن کردن ئازار بەخشە، بەلام ئازاری بێرێزیکردن بەرامبەرتان و بەکەمزانینی ئێوەش ئەوە دەهێنێت کە داوای لێبوردن بکەین و ئەم داوای لێبوردنەش بکەینە دەرفەتێك بۆ دووبارە دروستکردنەوەی متمانە و بیرو باوەڕێکی باش بە ئێوە.
- **دووەم،** ئێمە ئەوە دەزانین کە ئەم جینۆسایدە دەرهەق بەهەموو کورد نەکراوەو ئامانج لێی سڕینەوەی نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو ئامانجێکی دینی هەبووەو مەبەست لێی پاکتاوی دینی کەمایەتییەك بووە کە ئێزدییەکانە، ئێمەش وەك خوشك و برای ئێوە لەپشتتان دەوەستین. هەست بەوەش دەکەین کە جینۆسایدکردنتان پرۆژەیەکی توندڕەویی و بەکۆیلەکردن بووە.
- **سێیەم،** هەموو کەس هەست بەوە دەکات کە پێویستە ئێوە سەرکردە و فەرمان ڕەوای خۆتان هەڵبژێرن و کەسی تر ئەو مافەی نییە لەبری ئێوە ئەو بڕیارە بدات، شەنگال هەمیشە شوێنی ئێوە بووە و هەر ئێوەش مافی دیاریکردنی داهاتووی ئەو شارەتان هەیە. تەنانەت پاش نەمانی متمانە لەنێوانماندا بەوجۆرەی کە ئێمە هۆکاربووین، دەخوازین کە ئەو داهاتووەی ئێوە دەتانەوێت بنیاتی بنێن لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بێت، بەلام ئێمە دەزانین ئەوە

بژاردەی خۆتانە و خۆتان دەبێت ئەو بڕیارە بدەن، ئێمە ڕێز لەهەر بڕیارێکی تر دەگرین کە ئێوە دەیدەن بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆتان و هەمیشەش هەوڵدەدەین هاوڕێیەکی باش بین لەگەڵ ئێوە.

- **چوارەم،** دەستبەجێ ئەو بەربەستە ئابوورییە هەڵدەگرین کە لەماوەی ساڵی رابردوودا دروستمان کردووە بۆ شەنگال. هەستیش بەوە دەکەین کە سیاسەتەکانی ئێمە لەو ناوچەیە جارێکی تر ئێوەی کردۆتە قوربانی و ڕێگری لە هەستانەوەتان گرتووە، تەنانەت پاش ئەو جینۆسایدە شومەش ئێمە ڕێگریمان لە ئاساییبوونەوەی ئێوە کردووە. ئێمە مافی ئەوەمان نیە بەئێوە بڵێین مەگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆتان، مافی ئەوەشمان نیە خەڵکی شەنگال چەندین ساڵی تر لەنێو کەمپەکاندا ڕاگرین، لەکاتێکدا منداڵەکانتان بەبێ ئومێدی بۆ ئایندەی ناوچەکەیان گەورەدەبن.
- **پێنجەم،** بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئینتیمای سیاسیتان بۆ چ لایەنێکە و چ هێزێکی سیاسی لەناوچەکە هەڵدەبژێرن، ئێمە بەڵێنتان پێدەدەین کە بەئازادانە پێداویستییەکانی خۆتان بگوازنەوە بۆ شەنگال، بەهەمان شێوە بەڵێنی ئەوەشتان پێدەدەین، ئەوەندەی بتوانین، یارمەتیدەر دەبین لە بنیاتنانەوەو ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە، ئێستاش هەست بەو بەرپرسیارێتییە دەکەین کە پێویستە ئەوەی لەتواناماندا بێت بیکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی شەنگال هەرچەندە ئینتیمای سیاسیشتان بۆ ئێمە نەبێت. ئێستا کوردستان بەدەست قەیرانی داراییەوە دەناڵێنێت، ئەمەش تواناکانی ئێمەی سنوردارکردووە، بەڵام بەڵێنتان پێدەدەین هاوکاری تەواتان بکەین .

ئەم هەڵوێستانە نیازی پاکی کورد بەرامبەر ئێزدییەکان دەردەخات کە باوەڕیان بە دیموکراسی و سەروەری یاسا هەیە و ئەم تێڕوانینە دەربڕی بەها باڵاکانی کوردە بۆ یەکسانی و یەك هەڵوێستی و راستگۆیی .

ئامانج لەنوسینی ئەم بابەتە هێرشکردنە سەر کوردستان نیە، بەڵکو بۆ دەستنیشانکردنی چەند کێشەیەکە کە یەکبوونی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی عێراق لاوازکردووە. کوردستان وڵاتێکی جوانەو خەڵکێکی زۆرباشی هەیە کە خەباتی زۆریان لەپێناوی ئازادی و دیموکراسی کردووە.

لەیەکەم سەردانم بۆ کوردستان چەند ساڵێك بەر لە ئێستا، سەردانی شوێنێکم کرد کە سەدام دروستی کردبوو بۆ زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی ئەو کەسانەی کە روبەروی سیاسەتەکانی ئەو دەبونەوە. ئەو زیندانە کراوەتە مۆزەخانەیەك بۆ نیشاندانی ئەو ئازارانەی کە میللەتی کورد لەسەر دەستی سەدامدا چەشتویەتی و دواجار بە ئازایەتی پێشمەرگە توانیویانە خەڵکەکەی خۆیان رزگاربکەن. راستگۆیی لەگەڵ ئەو واقیعە سیاسیەی کە نەوەکانی ئێستای تێدایەو ئەو شکستەی کە پێشمەرگە لە شەنگال بەخۆیەوە بینی، مانای نادیدەگرتنی ئەو پاڵەوانێتییە نیە کە پێشمەرگە لەکاتی خۆیداو دژی رژێمە دیکتاتۆرەکان بینیویەتی بۆ بەرگریکردن لەخەڵکی کوردستان. لەبەرئەوە، پێویستە ئێمە روبەرووی ئەو مامەڵە بەعس ئاسایەی ئاسایشی پارتی ببینەوە کە دەرهەق بە کەمایەتییەکان دەیکات، پێویستیشە روبەرووی ئەو سیستمە سیاسیە ببینەوە کە رووی خۆی بەلایەکی تردا دەچەرخێنێت لەکاتی روودانی ئەم کارەساتانەدا. بەداخەوە، بەهۆی ئەم هەڵوێستەم هاوڕێیەتی ژمارەیەك خەڵکی زۆر باشم لەدەستداوە، پێمناخۆشە کە ئەو هاوڕێیانە لەدەست دەدەم، بەڵام داوای لێبوردن دەکەم کە ئەمە بابەتی جینۆسایدەو ناتوانم سازش لەسەر وتنی راستییەکان بکەم .

لەئەمەریکا، ئێمە دەڵێین "هاوڕێ رێگە بە هاوڕێکەی تری نادان بەسەرخۆشی ئۆتۆمبێل لێبخورێت" ئێمە رەخنە لەکوردستان دەگرین، لەبەرئەوەی کوردستانمان خۆشدەوێت و دەمانەوێت ببینین کە گەشەدەکات. هەروەك چۆن ئەرکی ئێمەیە رەخنە لە مامەڵەی حکومەتی ئەمەریکا بگرین لەگەڵ کەمایەتییەکان لە هەرشوێنێك حکومەتەکەمان پێشێلی ماف و ئازادییەکان بکات. بەهۆی ئەو هەڵمەتانەی کە بۆ مافی کەمایەتییەکان ئەنجامدراون، ئەمرۆ زۆربەی خەڵك لە ئەمەریکا ئەو مافانەیان هەیە کە چەندین ساڵ بەرلە ئێستا نەیانبووە. هیچ کات، ئینتیمام بۆ هیچ هێزێکی

سیاسی لە عێراق و سوریا و تورکیا نەبووە، بەڵکو ئەم هەڵوێستانەم وەك مێژوو نوسێك دەردەبڕم کە تێدەگەم بوونی کەمایەتییەکی وەك ئێزدییەکان چەند بابەتێکی هەستیارەو ئەگەری نەمانیشیان لەم هەرێمە چەند نزیکە.

بەچاوی خۆمان کەمبوونەوەی کەمایەتییەکانمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بینیوە، ئەوەش تەنها بەهۆی توندوتیژی بیری توندڕەوییەوە نەبووە، بەڵکو سیاسەتی نەتەوەپەرستیش هۆکارێك بووە بۆ نەمانیان. ئەوە گرنگە کە خەڵکی کوردستان دەیانەوێت دڵنیابن لەوەی کە ئێزدییەکان قوربانی سیاسەتێکی تر نین. ئێوەش ئەی خەڵکی کوردستان، پێویستە دەنگی خۆتان هەڵبڕن و حکومەتەکەتان لەوە ئاگادار بکەن کە ئەمجۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ ئێزدییەکان قبوڵکراو نیە و پێچەوانەی بەها بالاکانی خەڵکی کوردستانە.



***Matthew Barber*** *is a PhD student studying Islamic thought and history in the Department of Near Eastern Languages and Civilizations at the University of Chicago. He was working in Kurdistan when the Yazidi Genocide began and later served as the Iraq Executive Director of Yazda for one year in 2015-2016. He has conducted research on the Yazidi minority and can be followed on*

*Twitter: @Matthew__Barber*

**کورتەیەك لەژیانی نوسەر**

**ماسیو باربەر خوێندکاری دکتۆرایە کە لێکۆڵینەوە لە بیری ئیسلامی و مێژوو دەکات لەبەشی زمانە نزیکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شارستانێتییەکانیان لە زانکۆی شیکاگۆی ئەمەریکا. ئەوکاتەی جینۆسایدی ئێزدییەکان روویدا، ئەو لەکوردستان کاریدەکرد و وەك بەڕێوەبەری جێبەجێکاری رێکخراوی یەزدا دەستبەکار بووە لەنێوان ساڵی ٢٠١٥- بۆ ٢٠١٦. ئەو توێژینەوەشی لەسەر ئێزدییەکان وەك کەمایەتییەك کردووە و بۆ بینینی کارەکانی دەتوانن لە توێتەر هاوڕێیەتی بکەن .**

## سەرچاوە

***Matthew Barber***, *The KRG's Relationship with the Yazidi Minority and the Future of the Yazidis in Shingal (Sinjar), at the saite;* http://www.joshualandis.com/blog/krgs-relationship-yazidi-minority-future-yazidis-shingal-sinjar/